www.kurdistannet.org
23-2-2003 12:34

# نەرمە گلەیی وداوای لێبوردن. . !

نورەدین سەعید وەیسی

تورکیا ڕۆژانە دوژمنایەتی خۆی بۆکوردو کوردستان دووپات و سەد پات دەکاتەوە، جا چیللەر لەسەرکار بێت یا ئەجەوید وعەبدوڵلا گولٚ، PKKشەڕ بوەستێنێت یا KADEK ئاگر بەست بشکێنێت، بۆیەئەوانەی پێیان وایەسوپای تورکیا بۆیەئێستا مرخی خۆی لەباشوور خۆشکردووە چونکە KADEKجاڕی را پەڕین وشکاندنی ئاگربەستە یەکلایەنەکەی داوە، بۆچوونێکی نالۆژیکی ودیماگۆجیانەیە. .

هەڵوێستی دەسەڵاتتدارانی باشووریش بەرامبەر تورکیا لەدیدو بەرژەوەندی نەتەوەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە هێندەی بنەماکەی پەیوەندی وبەرژەوەندی حیزبەکانیانە لەگەڵ تورکیا، چونکەهەرگیز پەیوەندیپارتی ویەکێتی لەگەڵ تورکیالەبەر ئەوە ساردو سست نەبووەونابیٚ:

-چونکە رژێمی تورکیا دژی ئەزموونی باشووری کوردستانە

-تورکیا دژی کوردە، ئیدی با لە پشتی چیای هەمالایاش بن

-تورکیا دژی ئەزموونی کوردستان پشتوانییەکی بیٚ سنوورو ناڕەوا لە جەبهەی تورکمانی دەکا ت

چونکە ئەگەر وابوایە، نەدەبوو پارتی ویەکێتی لەشەڕی نێوخۆییاندا هانا بۆ سوپا دڕندەکەی ترك ببەن ولەدژی یەك بانگهێشتی بکەن بۆ باشوور کەتا هەنووکەش تانك وزرێپۆش وجەندرمەکانی ترك لە بامەڕنی لێی ڕاکشاون، میتی تورکیش

نەدەبوو لە زاخۆو دهۆك و پیرمام وسۆران وسلێمانی وکفری بارەگایان هەبیٚ.

ئەگەر وابووایە نەدەبووپارتی ویەکێتی لەتورکیا ولەسەر یەك مێزلەگەلٚسەنعان قەسسابی سەرۆکی جەبهەی تورکمانی دابنیشن وسمێڵیان چەور بکەن، بەتایبەتیش کە هەر لەم ڕۆژانەدا حکومەتی هەولێر باندێکی تیرۆریستی دەستگیرکردووە کە لێپرسراوەکەی بەرپرسی پاسەوانەکانی جەبهەی تورکمانییە.

ئەزموونی پەیوەندی ئەم چەند ساڵەی پارتی ویەکێتی لەگەڵ تورکیا، بەرۆشنی دەریخستووە کەئەوان ئامادەن لە پێنا و بەرژەوەندیحزبەکانیان هەموو جۆرە تەنازولێك بۆ رژێمی تورکیا بکەن، هەر بۆیەش ئەوچەند جارە زۆردەگمەنانەی کە ڕاگەیاندن وبەرپرسانی پارتی ویەکێتی سووکە گلەیێك لەتورکیا دەکەن، زۆر نابا کەنەرمە گلەییەکەیان لەبەرامبەرپخەو هەڕەشەیەکی زۆربچووکی تورکیا، وەك شێرە بەفرینە دەتوێتەوەو داوای لێبوردنێکی زۆر خەستیش دەکەن. .

nuradinwaisi@hotmail.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15